
Roj A ME
MAGAZINE
NO.12 _ 2025.2026
گەشتا مرۆڤ دگەل مرنێ
فەدراسیۆنی  ئایینە کوردییەکان
کوڵەباڵ (فەرەنجی)
فەلسەفەی ڕەوشت
پەنچەمۆرێکی مۆدێرن
پشتی ڤێ دنیایێ چ هەیە؟
هونەری فەلسەفە لە جیهانی مۆدێرندا
هۆشمەندیيا ڕۆژا مە



| | | | |
|---|---|---|---|
| بەرپرسیارێ گشتی: | دلێر دلێرین | | |
| سەرپەرشتێ نڤێسەران: | ئاهورا کوردستانی | | |
| سەرنڤێسەر: | نوژین عبدالله | | |
| دەستا نڤێسەران: | هەلات مزیری | ئاشنا ئەمیر | |
| دەستا ڕاوێژی: | ئالان دوسکی | داخاز ئەرمەنی | |
| | ئازاد مزیری | جیلان ڕۆژبەیانی | |
| زمانڤانی و پێداچوون: | زوزان تقی الدین | زەهرا صمد | |
| پەیامنێر: | نەرمین حسێن | دلخواز خدر | بێوار فایق |
| وەرگێڕ: | سیما گەردی | | |
| فۆتوگرافەر: | یوسف مزیری | دلدار نزار | خەندە وێردی |
| دیزاینەر: | هەلز ئەتروشی | ئاسیا لوقمان | سانا غەفوری |
| ئەرشیف: | سیپەل کوردستانی | دیاکو خاتوون | ئەردموان مامێزدینی |
| ڕاگەهاندن: | جاسم ڕۆژبەیانی | عمران هەرکی | نوژین عابد |
| پارێزەر: | ریال علی قادو | دلین دوسکی | |
| بەرپرسێن پەیوەندییان: | نەسرین سەگڤان | ئسماعیل عبدالله | |
| بەلاڤکرن: | ئورفا گەردی | ئیمان بامەڕنی | ئەحمەد دوسکی |
| سەرپەرشتێ چاپێ: | دلخاز سندی | مصطفی سندی | |

پێڕست:


| | | | |
|---|---|---|---|
| _1 | دلێر دلێڕین | پێشەکی | 5 |
| _2 | نوژین عەبدوڵلا | گەشتا مرۆڤی دگەل مرنێ | 7 |
| _3 | ئەیوب عەنەبی | فەدراسیۆنی ئایینە کوردییەکان | 9 |
| _4 | دلخواز خدر | مەها نیسانێ د میتۆدۆلۆژیا ئێزدیان دە | 11 |
| _5 | د. نەبەز ناصر | بۆ ئەوەی پێشبکەوین | 13 |
| _6 | سانا غەفوری | کوڵەباڵ (فەرەنجی) | 15 |
| _7 | داخاز ئەرەدنی | بزاڤا هزری ڕۆژا مە | 17 |
| _8 | ئورفا گەردی | فەلسەفەی ڕەوشت | 19 |
| _9 | کەمال گەزنەی | بزدان بەسەر قۆناغەکانی شارستانیەتدا | 23 |
| _10 | زەهرا صەمەد | هونەری فەلسەفە لە جیهانی مۆدێرندا | 25 |
| _11 | ئازاد مزیری | هۆشمەندییا ڕۆژا مە | 27 |
| _12 | جیلان ڕۆژبەیانی | پەنچە مۆرێکی مۆدێرن | 28 |
| _13 | یوسف مزیری | فۆتۆگرافی وەک میدیایەک | 29 |
| _14 | خاندە وێردی | کاریگەری هزری بڵاوکردنەوەی وێنە | 31 |
| _15 | محمد جلال | هەبوونی ئازادی | 33 |
| _16 | ئالان دوسکی | ڕۆژنامەنڤیسن ڕۆژێ | 35 |
| _17 | دلین دوسکی | داستان و ئەفسانەیێن کوردی | 37 |
| _18 | دلدار نزار | پشتی ڤێ دنیایێ چ هەیە؟ | 39 |
| _19 | سافیا یەشار | تابلۆیا بێدەنگ | 41 |
| _20 | ئیمان بامەڕنی | فردریك نیتشە | 43 |



ژمارەی متمانە لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کودستان 851

ڕۆژا مە، گۆڤارا هزرسازی و نەتەوەیی

تەوەرێ ژمارێ_ فیلۆسوفی و کۆلتوری



GMAIL: rojamemagazine851@gmail.com TL: 0750 7391120

## پێشەکی:



**دلێر دلێرین**

**1.9.2025**

## پەیڤا من ئەوە کو من چ پەیڤ نینن!

**سەردەم پێش ژ قۆناغا دەستنڤێسیێ بهێتە ڤەگوهاستن ژبۆ تەکنەلۆژیایێ، هندەك بەرسڤێن مینا ( ئەز کیمە! و خودان کییە!) بشێوەیەکی دابڕ ژ تیۆری و بیردوزان بۆمە بجهێلات، یێدی ژبەر نەبوونا بەرسڤەك جهگر و گشتگیر، هەرکەسەك ل جیهانا خوەدا خودان بەرسڤەك دروستە و پێ باوەرە ژبۆ وێ چەندێ کو ئەز کیمە و خودان کییە؟.**

دنهادا ئەڤ پرسیارە ئیتر گرنگ نینن! ژبەرکو یێن بۆ ئێکەم جار ئەڤ پرسە سازداین و ژخۆە کرین، کەسێن دەستپێکی بوون دقۆناغێن مرۆڤی یێن نەهۆشیارکری دابوو.

دگەردوونێدا چ خۆدان دیارنەبوون ل بورینا تەمەنێ مە یێ مرۆڤیدا ل سەر زەمینی، بەلێ دیسانژی لدەما ئەم ل جۆانیا گەردوونی و رێکخستنا وێ دنێرن، ئەم دهزرن کو ئەڤ نمایشە دهەبوونێدا بدەست هاتییە درۆست کرن.

لەوران تشتێ سەیر دناڤا ئەڤێ جۆانی و مەزناتیا گەردوونیدا ئەوە کو هەر ئەمن هەبوون و نەبوونەکێ ژبۆ گۆمانکرنا خۆدانەکێ دسەلمینن.

لێ دیسانژی ئەڤێ سەردەمی و ئەڤان سەدەیێن مان و هەبوونا مرڤایەتیێ لسەر ئەردی، ئەم گەهشتنە هندەکا ڤەدیتنان کو هەر ئەمن پرسیارا دکن و لدیف بەرسڤەکێ دگەرهن کو دبنەرتدا ئەوژی پرسیار!

لەوران پێش ئەم بێژن کا ئەم کینە! و خۆدان کییە! بەرسڤا درۆست بێدەنگبوونە و بجهێلاتنا ئەڤان مژارانە، ژبەرکو داکو جاردن ژیان لسەر رۆیێ زەمینی نەبتە ئەگەرێ جێۆازی د بەرسڤ و بۆچوونان‌دا و نەبتە سەدەمێ کوستن و ژناڤبرنا بیروباوەریێ بلا ئەم دگەل هەرکەسەکێدابن یێن دخۆازت وێ بەرسڤێ د مێزانیا هەبوونێدا تاقی بکت کا چەند ژ سەدێ دێ ناخ و هۆشمەندییا وان گەهینتە راستیێ.

لەوران پێش ئەز بێژم من چ پەیڤ نینن زێدەتر دەربرم هەتا ئەز تە دنەبوونا تەدا بینم زمان وئاشکراکرن! و خۆە دچەند رێز و دێراندا بینم سەرباز کو هێشتا ل چاخێ ئەزێ نەی و من خۆە درۆستکری نەدیتی بۆتە بدم ناساندن.

ژبەر هندێ مە خۆاستییە د ئەڤێ ژمارێدا تەکەزێ بێخنە ل سەر ئەڤان مژارێن نەی یێنکو رۆلەك كارا دگێرن ل ژیانا مە یا لسەر ئەڤی بەری یاکو ل ( سۆلا سیستەمی )دا لدۆر خۆە و رۆژێ دزڤرت و دچت و مە دبت بێکو بزانن لکیش بۆشاهیێ دێ شادبن و لکیش ڤالاهیێ دێ کوتا بن.

لەورا لدۆماهیێ پەیڤا خۆەدا ئەم رادگەهینن مینا بۆشاهیێن گەردوونی مە چ پەیڤ هەبت هەر وەکی مە چ پەیڤ نەی! ژبەرکو ب هەبوون و نەبوونا مە چ ژڤالاهیێ کێم و زێدەنابن.



## گەشتا مرۆڤی دگەل مرنێ:

**"رێورەسمێن ڤەشارتنێ،**

**نهێنییێن گۆڕان و بیروباوەر... "**

**نڤیسکار: نووژین عبدوڵلا**

**سەرنڤێسەرا گۆڤارا رۆژا مە**

دگەل دەستپێکرنا مێژوویێ، مرن وەکی پرسەکا مژدار یا هەبوونێ مابوو جهێ دوودلی و سەهمێ ل دەڤ مرۆڤی، گەلەک پرسێن گریدای واتەیا ژیانێ و چارەنڤیسێ پشتی مرنێ ئازراندن. دگەل مەزنبوونا ئەڤێ ترس و دودلییێ، رێورەسمێن ڤەشارتنێ دەرکەفتن، نە بتنێ وەکو پرۆسەیەکا ماددی بۆ ڤەشارتنا لەشەکێ کردارێن وی یێن بایۆلۆجی بدوماهیک هاتین، بەلکو پراکتیزەیەکا رەمزی کو رەنگڤەدانا بیروباوەرێن فەلسەفی و ئایینی دکر، ئەڤ رێورەسمە بوونە پشکەک ژ ناسنامەیا کلتوور و شارستانییان. ئەو گۆڕستانێن مرۆڤێن پێشین ل پشت خوە هێلاین، نە بتنێ بەرێن بێدەنگن، بەلکو هندەک تێکستێن ئاخفتنکەرن باس ل دیتنێن مرۆڤی بۆ رۆح، ژیانا دی، پەیوەندییا دگەل سروشت و خوەدایی دکن.

"کەڤنترین بەلگە ل سەر پراکتیزەکرنا بوونەیا ڤەشارتنێ بۆ بەری ۱۰۰ هزار سالان ڤەدگەرن".

کو د شکەفتا شانەدەر ڤە گورێن مرۆڤێن نیاندرتال هاتینە دیتن، دگەل هندەک کەلوپەلێن بەرین هاتینە ڤەشارتن، واتەیا هندێ ددت ل دویڤ بیروباوەرێن وان ژیانەک پشتی مرنێ هەیە. دگەل بۆرینا دەمی، رێورەسمێن ڤەشارتنێ پێشکەفتن و هندەک شێوازێن ئالوزتر بخوە ڤە دیتن، پێشکەفتنا زانین و ئایینی د ناڤ کۆمەلگەهێن وی سەردەمیدا بەرجەستە دکر.

**رێورەسمێن ڤەشارتنێ د شارستانیەتێن کەڤندا:**

ڤەشارتنا مریان د ناڤ هەر شارستانییەکێدا جودا بوو ژ یا دی، لێ د پترییا واندا گرێدای هێما و بیروباوەرێن کویربوو. "گەلەک ژ جڤاکێن سەرەتایی و جووتیاران مریێن خوە ل سەر شێوازێ زاروکی د زکێ دایکێدا دڤەشارتن"، کو چۆکێن وان بەرەڤ سینگێ وان دڤەچەماندن، د گۆڕین بچیکدا بنئاخ دکرن، ئەڤ یەکەژی ئاماژەیەک بوو بۆ زڤرینا مرۆڤی بۆ مالبچویکێ ئەردێ دایک. ئەڤ شێوازێ ڤەشارتنێ ل سەردەمێ بەرین یێ نویدا یێ بەربەلاڤ بوو، ب تایبەت ل دەڤەرێن دولا دو رووباران و ئەنادۆل و باکوورێ ئەفریقییا، د ناڤبەرا سالێن ۸۰۰۰ و ۳۰۰۰ بەری زایینی. هەتا ل رۆژئاڤایێ ئەوروپا، ل گەلەک ژ جهێن نیۆلیتی، گۆڕێن ب کۆم هاتینە دیتن کو ئەو هەیکەلێن د ناڤدا ل سەر شێوەیێ زارۆکێ د زکێ دایکێدا هاتبوونە ڤەشارتن، کو دبیتە رەنگڤەدانا بیروباوەرێن وان دەربارەی زڤرۆکا ژیان ومرنێ.





نوێژەر: ئەیوب عەنەبی



# فەدراسیۆنی ئایینە کوردییەکان
## فەدراسیۆنی میترایی
## (یارسانی، ئێزدی، زەردەشتی)

ئاینی میترایی ئاینی ڕەسەنی کوردییە مێژووی بۆ پێش شەش هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، ئاینی میترایی لەناوچەی هەورامان دەرکەوتووە بەلەدایک بوونی میتر. میترا بەمانای خۆر وڕووناکی . هەڵبەت بابەتی دەرکەوتنی خۆر هەتاو بابەتێکی سومبولییەو مەبەست لێی لەدایکبوونی ڕووناکی هزر بووە. لەوکاتەدا خەڵکی ناوچەی هەورامان دەچنە سەر کێوی شاهۆ کە لوتکەیەکی سەختی تێدایە، لەوێدا گایەکیان کردووە بەقوربانی. ئەو لوتکەیە لەئاینی میترایی و پاشانیش یارسانی کەجێگرەوەی میترایییە ناونراوە کێوی گا کوژە. خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەر لەهەورامان چوونەتە سەر کێوی گاکوژەو بەو کەرەستانەی خۆیان گایەکەیان کوڵاندووە و دابەشیان کردووە بەسەر خەڵکەکەداو ئاهەنگیان گێڕاوە.

**لێرەدا تەنها باسی ڕۆژی قوربانی گا نییە.  بەڵکو بوونی ژیانە لەناوچەی هەورامان، وە بوونی کەرەستەی ناوماڵ و پێداویستی و توانای لێنانی گایەک و ئامادەکردنی بۆخواردن، بەو کەرەستانەی کەبەدەستی خۆیان درووستیان کردوون.**

**ئەگەر لەوبۆنەیە بۆنەی لەدایکبوونی میترا ورد ببینەوە، دەبێ مەنجەڵی گەورەی کانزایی بوونی هەبووبێت هەتا بشێن گۆشتی گای تێدا بکوڵێنرێت . هەروەها هەموو جۆرەکانی قاپ و قاچاخ و کەوچکی قوڵ و کەوگیرو بەدڵنیایی سێپاو ئەوی بۆ ناندان و خوانی خەڵکێکی زۆر بشێت لەوێدا ئامادە کراوە . لەو دەگایەوە دەچینە ناو شارو گوندەکانەوە کەوەستای کارامە ئاسنگەر و مسگەربوون، تا مەنجەڵی گەورە دروست بکەن، پاشان وەستای دارتاشی و کەلوپەلی خوان و کەوچک و جۆرەکانی ئەمانە تەنها باسی ئایین نیە! بەڵکو باس لەژیانی شارستانی دەکرێت . بونی ژیانی شارستانی بوونی دەسەڵاتێکی سیاسی و ئابووری و سەربازییە، باسکردن لەئاینی میترایی و وەبەشەکانی یاخود کانزاکانی میترایی کەپەڕیوەتەوە بۆ ناوچە دوورەکانی ئەوکاتی نیشتیمان و ناوی تری لەخۆ گرتووە، کەلەبنەڕەتدا هەمان بیروبڕواو هەمان دەسەڵاتیش بوون . وەکو ئاینی یارسانی و ئاینی ئێزدی، کەهەردوو باوەڕ کتێبی پیرۆزیان کوردییەو هێماکانی پەرستن لایان هاوبەشە.**

**وەک گەڕانەوەی ژیان بۆ چوار پێکهاتە بنەڕەتییەکەی ژیان، ئەوانیش؛ خاک، هەوا،  ئاو، و ڕووناکییە. وژمارەی حەوت لەهەفتەنین و باوەڕ بەزیندووبوونەوەی ڕۆحەکان لەجەستەی فیزیکی جیاوازدا، ئەم باوەڕە هیچ جیاوازییەک لەنێوان یارسانی و ئێزدییدا ناهێڵێت، بەڵام بەپێی دوورکەوتنەوەو گۆڕانکارییە سیاسی و داگیرکارییەکانەوە کاریگەرییان لەسەر دانراوە، ڕەنگبێت تەنها دووری و نەبوونی پەیوەندی هەندێ کاڵبوونەوەو گۆڕانکاری بچوکی بەسەردا هێنابن.**

**ئاینی یارسانی دۆنادۆن، ئایینێکی فەلسەفیی قووڵە، مرۆڤ هەتا بەرەوپێش بچێت زیاتر لەوئایینە یاخود لەوفەلسەفەیە تێدەگات، کەبوونی مرۆڤ وەکو ڕۆح دەور و  کاریگەری چییە کەدێتەژیانەوە، ئەم بابەتە ئامادەگی بیری دەوێ و زەمینەسازیی پەسەندکردنی فرە نەرمی گەڕەکە کەلەناو خودی مرۆڤەکانەوە سەرهەڵدەدات؟**



**هەرخۆی؛ خۆی پەروەردە دەکات و پێویستیی تەنها بەستارتی هۆکارێک یان پاڵنەرێکی ڕۆشنگەرایی پێویستە.**

# مەها نیسانێ د میتۆدۆلۆژیا ئێزدیان'دە

رۆژنامەنووس:

دلخواز خدر



مەها نیسانێ ئێک ژ مەهێن پیرۆزە ل جەم هەمی ملەتێن ئاری و ب تایبەت ل دەڤەرا میزۆپۆتامیا. ژ بەر کو مەها نیسانێ دەستپێکا چێبونا دونیایێ یە ل جەم هەمی ملەتێن ئاری، وەک:

جەژنا (زاکمۆک –زکماک) ل جەم سۆمەریان هەروەسا جەژنا (ئەکیتۆ) ل جەم بابلیان و جەژنا

( نەورۆز – سەرسال ) ئانکۆ ڕۆژا نو ل جەم ملەتێن میدییان و جەژنا (چارشەمبا سۆرا نیسانێ) ل جەم ئێزدیان. ئەڤان جەژنان هەموویان پێکڤە گرێدانەک هەیە، ئەوژی ڕاما پەیدابوونا دونیایێ ددن د ئەڤێ مەهێ دە هەتا کۆ رامانا مەها نیسانژی ژ دو پەیڤێن زمانێ کوردیە ئەوژی ( نوی و زان ) ئانکو هەبونەکا نوی.

جەژنا چارشەمبا نیسانێ:

د میتودا ئێزدیان دا چارشەمبا سەرێ نیسانێ، دبتە ڕۆژا ئافراندنا دنیایێ، دنیا دڤێ ڕۆژێ دا کەملیا و خەملیا، ژ هنگیڤە هەموو بونەوەر پەیدا بوونە، لەوما دبێژت:



"هات چارشەمبا سۆرا

نیسان خەملان دبوو بخورا

ژباتن دا یا ب مورا"

دورێ خۆ لبەر هەیبەتا ئێزدانی نەگرت  سۆر بو سپی بو زەر بوو و پاشی پژڤی:

بەدشێ  من دونیا چێکر

ب حەد و سەد و رێک و پێکر

بن ئادەم تێدا خنێکر

ل ڕۆژا چارشەمبا نیسانێ؛ ئێزدی جەژنا سەرێ سالێ دگێڕن، جەژنەکە دیرۆکیە وهەلگرا مەزنترین چیرۆکا سروشتیە ژبەرکو دمەها نیسانێ دا دهێتە کرن ئەو مەها کو ئێزدی دبێژن: "بوکا سالێ یە"، بوک ل ئەڤێ مەهێ ناهێنا ڤەگوهاستن ژ بەرکو دبێژن نیسان بخو بوکا سالێیە و چ بوکان سەر خۆ قەبول ناکت، و ڕۆژا جەژنێژی ب هێکێن جوان و ب هەفت ڕەنگێن سروشتی د ڕەنگ کری ل هەڤ دوو پیرۆز دکن، فەلسەفا ئەوێ هێکێژی، ژبەرکو کا چاوا عەرد مەییە و جەبریە ژبەر وێ چەندێژی هێك دهێتە کەلاندن و ڕەنگ کرن.



**“ بۆ ئەوەی پێشبکەوین،**
**دەبێت عەقڵ سنوورەکان ببڕێت! “**

**د. نەبەز ناصر**
**زانکۆی سۆران** 06.09.2025

**لەرۆژگارێکدا دەژین، پێویستی و پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤ ئەوەندە زۆربوونە، پرسیارکردن و بەدواداگەڕانی ڕەسەنایەتیی پرس و پرسیارێکی بزر و وونە، لەچوارچێوەی دیدگا و بیرکردنەوەکانمان واتە دەکرێ بەبێ توانای ئابووری و کۆمەڵایەتی خاوەنی هەموو شتێک بین، بەڵام دوور لە مەعریفەی پێناسین و سروشتی شتەکان. ئەوەی ئەمڕۆ لەگۆڕێ دایە قەیرانی بوونی فەلسەفەیە لە کەسایەتی تاکی کوردی کەبەهایەکی بۆ دانەناوە، ئەوە لەکاتێکدا، فەلسەفە خودی خۆی پرسیارکردن و بەدواداگەڕانی وەڵام و هەڵکۆڵینی پرسەکەیە لەئەرکی ڕاستەقینەیدا. دەکرێ ئەوە بەجۆرێکیتر تەماشا بکرێ، بۆ نموونە خوێندنەوەی دیوی ڕووداوەکان بەر لەدەستپێک ژیری و زیرەکی و تیژبینی دەوێت، ئەم ڕێرەوی پرۆسەیە کەمترین کات هەستی پێ دەکرێت یان دەبینرێت لەسەر ئاستی بیرکردنەوە و دیدگای کەسایەتی تاکی کوردی، جا لەپرسە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و تادەگات بە کێشە و ئاریشەی تاکەکەسێك.**

**واتە دنیابینینی تاکی کوردی ڕووخسارییە دوورە لەناوەڕۆک و هەڵسەنگاندنی ناخی پرسەکە. کەواتە فەلسەفە و کرۆکی بابەتەکەیە لێرەدا، چونکە خودی فەلسەفە دایکی زانستە لەناو زانستە کۆمەلایەتییەکاندا. بۆیە پرس و پرسیاری زانستەکان چاویان لەفەلسەفەیە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی واقیعی و دنیابینینی فراوانەوە بیانگەیەنێتە وەڵامە دروست و پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکە بەر لەڕوودانیان. تاکی کورد بۆیە فەلەسەفەی خۆش ناوێت چونکە فەلسەفە پرسیار لەپرسیار دروست دەکات و وەڵامەکانیش بەرهەمهێنی پرسیارە قورس و ئەبستراکتەکانن. هەر بۆیە فەلسەفە ناخوێنێت و ناخوێنێتەوە، لەبەرئەوەی فەلسەفە وەگەرخەری بیر و هزری نەکراوەیە بۆ ئاشنابوون بەدونیای پرسیارە قورس و گەورەکان.**

بۆنموونە لە  ژیانی ڕۆژانەماندا ڕووبەڕووی کەسانێک دەبینەوە کە بە ڕێگەی جۆراوجۆر گەیشتوونەتە پلەی بەرز. هەندێکیان بە سەختی، لە ڕێگەی پەروەردە و کار و هەوڵدان ڕێگەی خۆیان گرتووەتەوە، هەندێکی دیکەشیان بە یارمەتی "پەیوەندییەکان" گەیشتوونەتە لوتکە، بەبێ ئەوەی ئەزموون و تەحەدای ڕاستەقینەی ئەزموون بکەن. لێرەدایە کە جیاوازی نێوان سەرکەوتنی ڕاستەقینە لەڕێگەی ئەزموونە قوڕسەکانی ژیانەوە هەڵڕشتنی ئارەقەی نێوچاوانی دەوێت. یان ئەو کەسەی پشت بەخۆی دەبەستێت، کارەکتەری بەهێز دروست دەکات و لە هەر قۆناغێک کە پێیدا تێدەپەڕێت بۆ ئەو ڕێگەیەکی فێربوونی نوێیە، بەرئەنجام ئەزموون و متمانە بەخۆبوون بەدەست دەهێنن و دەبنە نمونە بۆ ئەوانی تر، چونکە بوونەتە ژمارە و پێگەی خۆیان بەدەستهێناوە لەڕێگەی ئەزموونە قوڕسەکان و کارکردنی بەردەوام. بەرهەمی ئەو جۆرەی کەسایەتی و دونیابینینەکانی کاتێک دەبینرێت کەبەرپرسیارێتی دەگرنە ئەستۆ، لەوێدایە دادپەروەر و ژیرن، چونکە بەهای هەوڵدان دەزانن و ستەم لە کەس ناکەن.

سەبارەت بە کەسێک کە لە ڕێگەی پەیوەندییەکانەوە گەیشتوەتە لوتکە، لەوانەیە بگاتە پێگەی خۆی، بەڵام خەڵک دەزانن کە زۆر کاریان نەکردووە و لێهاتوویی ڕاستەقینەیان نییە. زۆرجار هەبوونی ئەم جۆرەی کەسانە ترس و دڵەڕاوکێیەکی گەورە پەیدادەکەن بۆ کۆمەڵگە لەکاروباری ڕۆژانە دا چونکە تەنانەت بەخۆشیان نازانن ئەرکە ڕاستەقینە و پێ سپێردراوەکەی ئەوان چییە لەبنەرەتدا، چونکە بەپێوەری ئەزموون و شارەزاییان نەهاتوون.



لە کۆتاییدا ڕەنگە ڕۆژێک پەیوەندییەکان یارمەتیت بدەن، بەڵام دۆخی ڕاستەقینەی تۆ دروست ناکەن. تەنها هەوڵدان و خۆبەخشی و ماندووبوون دەتوانێت کەسایەتییەکی بەهێز دروست بکات کە بەردەوام سەرکەوتوو بێت و کاریگەری ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگا بەجێبهێڵێت.



## کوڵەباڵ (فەرەنجی)

چاڵاکوان:
سانا غەفووری

فەرەنجی یان کوڵەباڵ،پۆشاکی دێرین

و لەمێژینەی پیاوان بووە لە هەورامان...

بەهۆی پێوستی بۆ خۆپاراستن لەسەرما و سۆڵەی زستان، هەورامیەکان توانیویانە گەلێک پێداویستی ژیان بەدەستی خۆیان دروست بکەن، لەوانە (فەرەنجی) بووە.

فەرەنجی لە "بەرگن" دروست دەکرێ کە لە مووی بەرخ دروست دەکرێ نەك خوری مەڕ.

لە دیبەیتێک لەگەڵ هاوڕێیانم باسی شێوەزاری کوردی و کلتوور و دەستووری جلی کوردیمان دەکرد لە نێو بابەتەکاندا «فەرەنجی» سەرنجی ڕاکێشام کە ئێستا وەک جلێکی کلتووریی کۆن وەک جوانکاری بەکاردێت، بەڵام شکڵ و شێوەی بە پێی کات گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.


کوڵە باڵ؛ قەدیم تەنها لەبۆ گەرمبوونەوە بەکارنەهاتییە، دەرێن لەبۆ کاتی شەڕ لەگەر دوژمنان فەرەنجییان بەکارهینایە، وەکو قەڵغانێک بووە لەبۆ خۆپاراستن لە گولە و چەقۆی تیژ نەیتوانییە بیبڕێ، وە هەم یارمەتیدەر بووە بۆ هەڵگرتنی چەك لە شاندا، هەندەکی دیکە دەڵێن بۆ گواستنەوەی شتومەکیش بەکاریان هێناوە، کەواتە فەرەنجی زۆر کار ئاسانی بۆ خەڵکی ئەو سەردەمە کردووە بە ئێستاشەوە خەڵکی بەکاری دێنن بۆ کار و باری ڕۆژانەیان.

جل و بەرگی کوردی کۆن بە شێوازێك بووە بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بێ هەم بۆ پیشەی ڕۆژانە هەمیش بۆ کاتی بەرگری کردن لە شەڕ و شۆڕ بۆ بەرەنگاربوونەوە لە دوژمنان، وەك (پشتێن) لە کۆندا تەواوی کەمەری گرتووە ئەمە بۆ کاتێك بووە ئەگەر چوونە نێو ڕمز ئەو بەرەی کە بە دارەوەیە لە ناو پشتێنەکە هەڵیگرن و باری بکەن و هەمیش بۆ کاتی شەڕ وەك قەڵغان بەکارهاتووە، ئەمەش بە پێی هەڵکەوتەی شوێن و جوگرافیا، جلی کوردی گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

پشتێنەیەکی کوردی تەنیا کەمەر نابەستێتەوە، ڕۆح بە شاخەکانیەوە دەبەستێتەوە، هەموو ڕەنگێک لە جلی کوردیدا لاپەڕەیەکی مێژووە، لە بێدەنگیدا دروێنراوە، بە شانازییەوە لەبەر کراوە، جل و بەرگەکانمان مۆدەر نین، یادەوەرییە، ڕەفتارەکانیشمان لەخۆوە نییە، بەڵکو میراتن.







**داخاز ئەرەدنی**

**ئەندامێ دەستا ڕاوێژی - گۆڤارا ڕۆژا مە**

**2.9.2025**

**ئەڤرۆ ئەو سەدەنە، یاکو لدەما تو بخوازی خۆە بسەلمینی کا تو کی!، دڤێت تۆ هەمڕێنیشاندەرێ خوە بی و هەمژی نەلهێڤیا چ مرۆڤان بی تا پیرۆزباهیێ لتە بکن.**

**یادیارە؛ پادشا ب دەیناتنا تاجەك سەری دبوو پادشا و دچوو لسەر تەختێ شاهاتیێ، لێ دنهادا، ئەم هەموو دشێن ببن پادشا، و بچن لسەر تەختێ شاهاتیێ بێکو پێتڤی بن تاکو کەسەك بهێت تاجا مە دەینتە سەر سەرێ مە.**

**ژبەرکو ئەڤی سەردەمی هەمی جیهان تێگەهاندن، کو هەر تاکەك شایەنێ ڕێز و مەزناتییێیە، تاکو هەبت و هەست ب سەنگ و بەهایێ خوە بکت. لەوڕا گەنجان دناڤ گۆڤارا ڕۆژا مەدا، شیان ببنە ئەو شاھ و پادشاهە یێنکو تاجا خوە دەیناتین سەر سەرێ خوە و خوە سەلماندین و پێتڤی ب چ کەسان نەبووین.**

**ئەڤرۆ، سەلماندنا مە نڤێسینا دیرۆکا مە و فەرهەنگا مەیە  دناڤ بەرپەڕێن گۆڤارا ڕۆژا مەدا.**


Roj



# فەلسەفەی ئەخلاق کەوتۆتە ژێر کاریگەری جوانی

چالاکڤان:
ئورفا گەردی

لەسەردەمێکداین؛ یەکەم وشەی سەر زاری هەر مرۆڤێک بۆ بوون بە پێوەری جوانی مرۆڤەکە خودی وشەی ئەخلاقە، بەڵام گەر ورد ببینەوە لە فەلسەفەی ئەخلاق و بەراوردی بکەین لەگەل ئەو سەردەمەی ئێستا تیایدا دەژین، خودی فەلسەفەکە چەواشەکارانە کەوتۆتە ژێر کاریگەری جوانی و پێچەوانەی ئەو قسەیەیە کە لە ڕیزبەندە یەکەمەکانی بەکارهێنانە لە دۆزی جوانی مرۆڤ، ئێمە تا لە فەلسەفەی ئەخلاق تێنەگەین ناتوانین گۆرانکاریە نەرێنییەکانی بەئامانجکراوی سەردەم ببینین، ئەم باسەم بە ئامانجی نەرێنی بوونی تۆیی خوێنەر نیە بەڵکو ڕاستییێکی زیندووی سەردەمە گەر ببێتە زلەیەک بە ئاگاهێنەر بۆ دوو خوێنەر بۆمن گەوهەرێکە لە بەئاگاهاتنەوەی دوو جیلی دیکە.

فەلسەفەی ئەخلاق، لە کۆنەوە دۆزێکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندبووە، کە ناتوانرێت پێناسەیێکی گشتگیری بۆ بکرێت، دیدگای فەیلەسوفان بۆ پرسی ئەخلاق جیاوازە، ئەمەش هۆکارێک بوو کە لێکدژی لە نێوان

بیروبۆچوونەکانیان درووستبوو. بەپێی ئەو قۆناغانەی بەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤدا تێپەڕیون، مرۆڤ هزری خۆی ڕزگارکردووە لە کۆت و بەندە ئایینی و ئایدۆلۆژییەکان و توانیویەتی لە ڕێگەی درککردنی ئەقڵانییەوە دیاردەکان تەتەڵەبکات. بۆنمونە فەیلەسوفان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، پرسی ئەخلاقیان وابەستە دەکرد بە باوەڕهێنان بەخوداوە. وەکو (جۆرج بێرکلی)، لە دیالۆگی سێیەمدا، (هیلیاس) ڕووی گوفتاری کردۆتە (فیلۆنۆس) کە بێرکلی خۆیەتی و پێی دەڵێت: "باشە تۆ نازانیت ئەگەر خودا بکەی بە داهێنەری هەموو قەوما و ڕووداوەکانی سروشت هەر خودا خۆی دەکەیت، بە داهێنەری کوشتن و کوفر و بەدکاری و بێ باوەڕی و گوناهـ و تاوانی نابەجێ؟".

یەکەم، فەلسەفە: لە پێناسەیەکدا هونەری پرسیارکردنە. گەڕانە بەدوای ئەو پرسیارە ئەقڵانیانەی کە بە "چی و چۆن و بۆچی" دەستپێدەکات، لەڕێگەی پێشکەشکردنی ئارگۆمێنێتی کامڵەوە بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامێکی ئەقڵانی. و دووەم؛ مۆڕاڵ: بریتیە لەو نۆڕم و ڕێساو یاسایانەی بەسەر کردەکانی مرۆڤدا سەپێنراون، کە دەشێت درووست بن، یان نادروست بن.

بەلام بەبێ شیکردنەوەی وشەی (ئەخلاق، مۆڕاڵ یاخود ئیتیک) ناتوانین لە وشەی فەلسەفەی ئەخلاق تێبگەین، مۆڕاڵ" لە زمانی کوردیدا بەرانبەرە بە وشەی "ئاکار". کە لە بابەتەکانی "فەلسەفەی ئاکار" دەکۆڵێتەوە، بە "میتا ئاکار" یان "ئاکاری شیکاری" ناودێرکراوە. وەکو ڕێساو تیۆرییە ئاکارییەکان و لێکدانەوەی بنەماکانی ئاکار...هتد. بەڵام ڕەگی چەمکی "ئیتیک" وشەیەکی گریکیە و دەگەڕێتەوە بۆ وشەی "ئیتۆس" کە لەزمانی کوردیدا بەواتای "ڕەوشت" دێت.

ڕەوشت بابەتێکی خودییە و پەیوەستە بە هەڵوێست و بڕیارەکانی تاکەوە وشەی "فەلسەفەی ئەخلاق" وشەیەکی لێکدراوە و لقێکی سەربەخۆیە، لە لقەکانی فەلسەفە، هاوکات، ئەگەر "ئەخلاق" ئەو نۆڕم و یاسا و ڕێسایانەبن، کە بەسەر کردەکانی مرۆڤدا سەپێنراون، ئەوا فەلسەفەی ئەخلاق دەپرسێت بۆچی دەبێت من مامەڵەکانم ئەخلاقی بن؟ یان لەو بڕیارانە دەکۆڵێتەوەو دەپرسێت بۆچی فڵان مامەڵە نادروستە و فڵان مامەڵە دروستە.

لە ئێستاشدا جوانی یەکێکە لەو پرۆسانەی بۆتە بکوژی فەلسەفەی مۆڕاڵ لە مرۆڤەکاندا گەر بێتو ڕاستەوخۆیانە بۆ بابەتەکە بڕۆم؛ دەبینین کاتێک ئۆتۆمبێلێک قالۆنچەیەک دەکات بە ژێریەوە خەم بۆ قالۆنچەکە ناخۆن چونکە خاوەن ڕووکەشێکی جوانی دڵخوازی مرۆڤ نیە، بەلام بەدڵنیایەوە خەم بۆ باڵندەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ یان پشیلەیەک یان کەروێشکێک دەخۆن گەر بکەوێتە ژێر هەمان ئۆتۆمبێل،

دەبینین ئێمە دڵسۆزی و دڵ نەرمی بۆ سەگێکی برسی دەنوێنین و پارچە گۆشتی ئاژەڵێکی دیکەی مردووی پێدەدەین کە هیچ خەمی ئاژەڵە مردووەکە ناخۆیین .

دەروونی مرۆڤ بەجۆرێک ئاڵۆز بووە تێگەیشتن لێی وەک تێگەیشتن لە گەردوون سەختە، سەردەمی ئێستا کە سیستەمی سەرمایەداری حوکم دەکات، مرۆڤەکانیان کردووە بە سەنتەری تاکگەرایی و بەرژەوەندی خود ویستانە جا چ مەعنەوی بێت یاخود ماددی، بەجۆرێک کە لە بارودۆخەکاندا مرۆڤ سوود نەبینێت لە (مرۆڤ، ئاژەڵ، کەل و پەل) لەرووی ڕووکەشێکی جوان ئەوا بەرامبەری ناوبراو بەبێ کەڵک و بێ سوود، یاخود ناپێویست لەقەڵەم دەدات و لە ئاستی بێ هەڵوێست دەبێت.
بۆیەش سیستەمی سەرمایەداری وایکرد جوانی (گرینگی بوون،هەست و سۆز، میهرەبانی، جوانی ناخ و گوفتار، جوانی بەهرە...هتد هەموو بنەما مۆراڵیە ئەخلاقیەکانی کوشت بە چەکی جوانی ڕوکەش، لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجێک کە سەرمایەداری بوو، ئەگینا کێ پێوەری جوانی کردە کەمەرێکی باریک و جسمێکی گەورە لوتێکی زۆر زۆر بچووک و لێوێکی گەورە ڕوومەتێکی بەرز و چەنەگەیەکی درێژ!، جلێکی مارکە و بوکەشوشەیەکی مەدالیای سەدان دۆلاری و چەینچ کەڵەر...هتد.
خۆمان بەرپرسین لە پاراستنی بنەماکانی مۆراڵی مرۆڤایەتی، کە نەبینە قوربانی چەند پێوەرێکی ستانداردی ساختەی جوانی لەپێناو بوون بە وەسیلەی سەرمایەداربوون و دووربوون لە مرۆڤایەتی و مانەوەمان تەنها وەک نازناوی (مرۆڤ).





## بزدان بەسەر قۆناغەکانی شارستانیەتدا، کوردستان و فەڕەنسا، دوو چیرۆکی جیاواز

### چالاکڤان: کەمال گەزنەی

کاتێک سەیری دۆخی کۆمەڵگاکەی خۆمان دەکەم و بەراوردی دەکەم لەگەڵ وڵاتێکی وەک فەرەنسادا، هەست بە جیاوازییەکی قووڵ دەکەم کە تەنها لە پێشکەوتنی ئابووری و تەکنەلۆژیادا کورت نابێتەوە.

چیرۆکەکە لەوە قووڵترە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێڕەوە مێژووییەی کە هەردوو کۆمەڵگا پێیدا تێپەڕیون. فەڕەنسا، وەک نموونەیەکی کلاسیکی ئەوروپا، بەهەموو قۆناغە سروشتییەکانی گەشەی شارستانیەتدا ڕۆیشتووە، لە ژیانی گوندنشینییەوە بۆ شۆڕشی پیشەسازی و دواتریش گەیشتن بە مۆدێرنیتە.
بەڵام ئێمەی کورد، وا هەست دەکەین لە پڕێکدا لە لووتکەی شاخەکانەوە بازمان داوەتە ناو جەرگەی ژیانی شاری مۆدێرنەوە، بێ ئەوەی بە شێوەیەکی سروشتی ئەو قۆناغانە ببڕین.

ئەم بازدانە خێرا و نائاساییە، کۆمەڵێک دیاردەی لێکەوتۆتەوە کە جێگەی سەرنج و تێڕامانن. یەکێک لەو نموونانەی زۆر بەرچاوە، بواری میدیایە. لەوانەیە باوەڕپێنەکراو بێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا کە ژمارەی دانیشتووانەکەی بە چەند ملیۆنێک مەزەندە دەکرێت، نزیکەی ١٥٠ کەناڵی تەلەفزیۆنی مۆڵەتپێدراو بوونیان هەیە.





ئەم ژمارەیە لەچاو شارە گەورەکانی ئەورووپا وەک پاریس و بەرلین و ئۆسلۆ، زۆر زیاترە.

لە کاتێکدا لە فەرەنسا، دامەزراندنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و پێویستی بە ژێرخانێکی ئابووری و کولتووریی پتەو هەیە، لەلای ئێمە زۆربەی کەناڵەکان یان حیزبین یان لەلایەن کەسایەتییە دەوڵەمەندەکانەوە خاوەندارێتی دەکرێن و زیاتر وەک سەکۆیەک بۆ بانگەشەی سیاسی و بەرژەوەندیی تایبەت بەکاردەهێنرێن، نەک وەک دامەزراوەیەکی میدیایی پیشەیی کە خزمەت بە گشتی بکات.

دیاردەیەکی تری ئەم بازدانە، شێوازی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێیە. بۆ نموونە، تیکتۆک وەک یەکێک لە بەربڵاوترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە جیهاندا، لەناو گەنجانی ئێمەدا بە شێوەیەکی جیاواز بەکاردێت. لە کاتێکدا لە وڵاتانی ڕۆژئاوا زیاتر بۆ کاتبەسەربردن و داهێنانی هونەری و بڵاوکردنەوەی زانیاری بەکاردێت، لەلای ئێمە شەوانە پڕ دەبێت لە "لایڤ"ی شەڕەجنێو، یەکترشکاندن و نمایشکردنی ئاکاری نەشیاو. هۆکارەکە ڕوونە؛ ئەم ئامرازانە بۆ ئێمە نوێن و بە شێوەیەکی خۆکارانە و سروشتی وەرماننەگرتوون. ئێمە لە کۆمەڵگایەکی نەریتییەوە کە پەیوەندییەکان ڕووبەڕوو و سنووردداربوون، لەناکاو فڕێدراوینەتە ناو جیهانێکی دیجیتاڵی بێسنوورەوە، بێ ئەوەی پەروەردە و هۆشیاریی پێویستمان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا هەبێت.

ڕەگ و ڕیشەی ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گواستنەوە خێرایەی کە لە ژیانی گوندنشینی و شاخاوی بۆ ژیانی شاری ڕوویدا. لە فەرەنسا، پرۆسەی بەشداربوون سەدان ساڵی خایاندووە، ئەمەش وایکردووە کە کولتوور و دابونەریتی شارنشینی بە شێوەیەکی سروشتی گەشە بکات و لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا خۆی بگونجێنێت.

بەڵام لە کوردستان، بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئابوورییەوە، بەتایبەت لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە، لێشاوی کۆچکردن لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان دەستیپێکرد. ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی شارگەلێکی گەورە کە لە ڕووی بیناسازییەوە مۆدێرنن، بەڵام لە ڕووی کولتوورییەوە هێشتا خەسڵەتەکانی کۆمەڵگای گوندنشینییان تێدا زاڵە.

ئەنجامەکەی ئەوەیە کە ئێمە لە ڕووی ڕواڵەتەوە خاوەنی هەموو ئامرازەکانی مۆدێرنیتەین؛ لە کەناڵی تەلەفزیۆنی زۆرەوە بگرە تا دەگاتە نوێترین مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، هێشتا نەمانتوانیوە بە شێوەیەکی دروست ئەم ئامرازانە بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا و کولتوورەکەمان بەکاربهێنین. ئەمە کێشەی تاک نییە، بەڵکو کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی قووڵە کە پێویستی بە تێگەیشتن، پەروەردە و کارکردنی درێژخایەن هەیە بۆ ئەوەی بتوانین ئەو بۆشاییە شارستانییە پڕ بکەینەوە کە بەهۆی بازدانە خێراکەمانەوە دروست بووە.



## هونەری فەلسەفە لە جیهانی مۆدێرندا

ئەندازیار: زەهرا سەمەد مەلاعەبد

فەلسەفە؛ ئەو واژەیەی لە یۆنانی'یەوە وەرگیرا و بووە هەوێنی زانستەکان لە دنیا و وڵاتاندا، ئەو چەمکەیە کە مرۆڤ دەخاتە دۆخی نادڵنیایی و گوزەرکردنی زیاتر لە ئاست دەوڵەمەندی و قووڵی بابەتەکاندا، لەمەڕ پرسیار و گریمانەدا.

زیاتر، هەروەک ئاماژەی پێکرا، نارونی و نا ئارامانی لە نەبوونی وەڵامی گونجاو کە لێرەدا وتارێکی ڕەسەنی فەیلەسوفێکی دیار دەخەینەڕوو، کە بە شێوەیەکی بەهێز قسە لەسەر ڕۆڵ و بەهای فەلسەفە لە دنیای ئەمڕۆدا دەکات کە (بێرتراند ڕوسیل)ە.

بێرتراند ڕۆسیل، بە بیرتیژییەوە تیشک دەخاتە سەر مۆدێرن و لێکدان بە فەلسەفەی دەکات، هەروەک لە وتارەکەی "بەهای فەلسەفە"دا، لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە بۆچی فەلسەفە بە گرنگی دەمێنێتەوە، تەنانەت کاتێک هیچ وەڵامێکی یەکلاکەرەوەش پێشکەش نەکات.

لە وتارەکەدا، چەند هزرێک کەڵەکەکراون، کە بە وردییەوە تێڕامانیان لەسەر دەکرێت، کە سەرەکیترین لە تێڕوانینانەش، بریتین لە:

●نا دڵنیایی فەلسەفە هێزی فەلسەفەیە؛ ڕوسیل جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەهای فەلسەفە لە ئەنجامە یەکلاکەرەوەکاندا نییە، بەڵکو لەو ئەگەرە بەرفراوانەدایە کە دەیکاتەوە. لە ڕاستیدا بەهای فەلسەفە لەوەدایە کە نا ڕوونە!

● لە لایەنگریی نائاگا ڕزگارمان دەکات. تاکەکان بەبێ ڕەنگدانەوەی فەلسەفی، گیریان خواردووە بەو بیروباوەڕانەی کە کولتوور و پەروەردەی خۆیان وەریانگرتووە.

ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، کەسێک کە "تینچەری فەلسەفە"ی نییە, بە ژیانێکی زیندانیکراودا تێدەپەڕێت کە لەناو ئەو پێشوەختە زانینانەی کە لە عەقڵی ساغەوە سەرچاوەیان گرتووە، لە بیروباوەڕە باوەکانی تەمەنەکەی یان میللەتەکەیەوە. فەلسەفە چەندین پێشنیار دەکات کە بیرکردنەوەکان فراوانتر دەکەن و لە ستەمی داب و نەریت ڕزگاریان دەکەن.


• فەلسەفە تۆی سەرسوڕمانی دەچێنێت و ئاسۆکان فراوانتر دەکات. تەنانەت شتە ئاساییەکانیش دەخاتە چوارچێوەی سەرچاوەی بیرکردنەوە و خەیاڵی قووڵەوە. لەکاتێکدا هەستی دڵنیاییمان کەم دەکاتەوە کە شتەکان چین، بەڵام زانیاریمان زۆر زیاد دەکات کە لەوانەیە چی بن! هەستی سەرسوڕمانمان بە زیندوویی دەهێڵێتەوە بە نیشاندانی شتە ئاشناکان لە لایەنێکی نامۆدا.

• تاک بە گەردوونی گەورەترەوە دەبەستێتەوە. فەلسەفە بە بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوە لە دەرەوەی ئیگۆی کەسی، ڕۆحی تاک دەوڵەمەند دەکات. بەوەی فەلسەفە بیر لە گەورەیی ئەو شتانە دەکاتەوە کە بیری لێدەکاتەوە، و ئازادی لە ئامانجە تەسک و کەسییەکان کە لە ئەنجامی ئەم تێڕامانەوە سەرچاوە دەگرن، زیاتر ژیانی فەلسەفی ئارام و ئازادە، لەوەی شەڕانگێز و ژێردەست بێت.

• بیرکردنەوەی فەلسەفی بنەمای کردەوەی بیرمەندانەیە. بێرتنارد ڕوسیل هاتووە و زانینی ئامرازی لەگەڵ تێگەیشتنی تێڕاماندا بەراورد کردووە. ئەو دەنووسێت کە لە کاتێکدا زانست توانای ئەوەمان پێدەدات کە بیکەین، فەلسەفە یارمەتیدەرمانە بۆ ئەوەی تێبگەین بۆچی؟ و سەکۆیەک بۆ کردار دابین دەکات کە مانایەکی تێدایە، ئەویش بریتییە لە: "زانست پێمان دەڵێت کە دەتوانین چی بکەین؛ فەلسەفە دەبێت پێمان بڵێت کە دەبێت چی بکەین."، و گەورەترین چاکە هەم ڕەنگدانەوە و هەم کردار تێکەڵ دەکات: «ژیانی چاک تەنیا تێڕامان نییە، یان تەنیا کردار نییە، بەڵکو کردەوەیە لەسەر بنەمای تێڕامان.”

کەواتە، پرسیارە جەوهەرییەکە لێرەدایە، بۆچی وتارەکەی ڕوسیل لەگەڵ “هونەری فەلسەفە لە جیهانی مۆدێرن”دا دەگونجێت؟
هەرچەندە ناونیشانی بابەتەکە و ناونیشانی وتارەکەی ڕوسیل هاوتا نین، بەڵام ڕوسیل لە وتارەکەیدا کەیسێکی بەهێز پێشکەش دەکات کە بۆچی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی لە سەردەمی پێشکەوتنی زانستی و ئاڵۆزی کۆمەڵایەتیدا زۆر گرنگە، کە ئەویش:
• بەرەنگاربوونەوەی ئەو بۆچوونە تەکنۆکراتییە دەکات کە دەڵێت: “ئەگەر ئەنجامێکی کۆنکرێتی بەرهەم نەهێنێت، ئەوە بێ بەهایە.”.
• ڕووبەڕووی جۆرە ئالنگارییێکمان دەکات بۆ پاراستنی خۆبەزلزانین و سەرسوڕمان لە جیهانێکی پڕ لە داتا و خێرادا.
• ئامرازێک بۆ کردارێکی ژیرانە و ئەخلاقی دابین دەکات کە نەک تەنها لە توانادا، بەڵکو لە ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەکەدا زەمینەسازی بۆ کراوە.
لەکۆتاییدا، دنیای مۆدێرن و تێکەڵهێشکردنە ئامرازەکانی فەلسەفی و هزرە ناکۆکەکان لە نێوان کەس و بونیادی مرۆڤایەتی'دا، جۆرە هونەرێکی ڕازیکراوی فەلسەفەمان بۆ کەڵەکە دەکات، بە مەبەستی گۆڕانکاری و ژیانکردن لە جیهانێکی خودئاگایی و بەرکەوتنی تەنۆکەیی لەنێوان لۆژیکی هزری و نالۆژیکی ڕاستی!

کورتەیەك لە وتاری فەیلەسوف: بێرتراند ڕوسیل





**ئەندامێ دەستا ڕاوێژیا گۆڤارا ڕۆژا مە: ئازاد مزیری** **3.9.2025**

**گەنجێن نوخوازێن گۆڤارا ڕۆژا مە، وەکی پرەکێ بوون ژبۆ گەنجێن خودان شیان و بەهرە، تاکو ل سەر ڕێڕەوامە بمەشن، تاکو خوە دناڤ کومەڵگەها کوردیدا مینا ڕۆژێ ببینن و هزر د ڕۆناهیێدا بکن بۆ دەوروبەری.**

**کوردپەروەری، وەڵات خوازی، خاك و ئاڵا پارێزی، پێشمەرگایەتی، هەمی پیرۆزیێن وەڵاتی، ژ تەوەرێن هەرە گرنگێن مژار و باسێن گۆڤارا ڕۆژا مەنە.**

**دیسان مە تاڕاددەیەك بەرز شیاییە هزر و پێشنیارێن نەئافراندی ب ئازرینن وب شلقینن و د هەبوونێدا کار لسەر بکن.**

**دئەنجامێ کارێ مە یێ زبارە لێکری جاران هەڤالێن مە موعجیزان پەیدا دکەن، هەر وەکو گەلەک هزرو بوچوون ژ کۆلتورێ شاش و سەقەت یێ جڤاکێ مە دگهۆڕن ژبۆ جیهان بینینەکا تازەگەرایتر و سەردەمیانە ژبۆ خوە گونجاندنەکا ئاڤاکەر دگەل ژیواری.**

**گۆڤاری ڕۆژا مە؛ پەنجەرەیەکی مۆدێرن و ڕۆشنبیری و جیهانگیرییە، لەناو لاپەڕەکانیدا کۆمەڵێک بابەت و بیرۆکەی جۆراوجۆری هەڵگرتووە کە دەست دەخاتە سەر ژیانی ڕۆژانە و بیری داهێنەرانە..**

**ئەنداما دەستا ڕاوێژیا گۆڤارا ڕۆژا مە: جیلان ڕۆژبەیانی** **3.9.2025**




**فەزای ئازادە بۆ دەربڕین،**
**تێکەڵکردنی کلتوور و هونەر و زانین بەزمانێک کە خوێنەر دەستی پێ بگات، بۆ ئەوەی ببێتە هاوڕێیەکی سووک و بەسوود بۆ هەر کەسێک کە بەدوای شتێکی نوێ و ورژێنەردا دەگەڕێت.**

**ئێستا خوێنەرەکانی ڕۆژا مـە زیاترە لە ١٠ هەزار کەس لەناو ئەکاونتە جیاجیاکانی ئەندامەکانمان لەسۆشیال میدیا.**

**هەروەها ئێمە بەردەوام لەهەوڵی بەرەو پێشچوونی گەنجانی کوردستانین بەپێ بیرۆکەی تازەی هزری و مۆدەرن.**

**ئێمە ڕووناکین لەناو تاریکیدا دەدرەوشێینەوە و ئێمە تەنیا یەك ڕێگامان هەیە ئەویش بەرەوپێشچوونی گەنجانمانە.**

**هونەری مۆدێرنێتی لەگشت بوارەکان ئامانجمانە بوویە ئێمە پێشەنگن!**

# فوتوگرافی وەک میدیایەکی نوێ کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر فەلسەفە هەبووە



فۆتۆگرافەر: یوسف مزیری

بیرکردنەوەمان لەسەر راستی، زەمەن، بیرەوەری و هونەر گۆڕیوە.

یەکێک لە گرنگترین کاریگەرییەکان ئەوە بووە کە فوتوگرافی پرسیاری ڕاستی و دروستی هەڵبژارد، پێش دەرکەوتنی فۆتۆگرافی، وێنەکان بە دەست کێشراون و ڕوانگەی هونەرمەند و لێکۆڵینەوەی ئەوی تێدابوو. بەڵام فوتوگرافی وەک میدیایەک دەرکەوت کە گوایە ڕاستەوخۆ راستی دەگرێتەوە.  ئەمە فەیلەسوفانی وەک (ڤاڵتەر بنیامین) و (ڕۆلان بارت)یان برد، بۆ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ڕاستی چییە و چۆن بەرهەم دێت.

لە ڕووی زەمەنییەوە، فۆتۆگرافی تێگەیشتنی نوێمان لە کاتی ئێستا و ڕابردوو پێدەدات. هەر وێنەیەک ساتێکی دیاریکراوی کاتی توقاند کردووە، بەڵام هەر کاتێکیش بینراوە ئەو ساتە ڕابردوو بووە. ئەمە (سوزان سۆنتاگ) و (ڕۆلان بارت)یان برد، بۆ ئەوەی باس لە "زەمەنی مردوو" بکەن کە لە فۆتۆگرافیدا هەیە. فۆتۆگرافی هەروەها کاریگەری لەسەر فەلسەفەی بیرەوەری هەبووە. وێنەکان بوونە شێوەیەکی نوێی هێشتنەوەی یادەوەری کە جیاوازە لە بیرەوەری مرۆیی. ئەوان یادەوەری کۆمەڵایەتی و کەسی دروست دەکەن، بەڵام  هەندێکجاریش ئەو بیرەوەریانە دەگۆڕن یان جێگەیان دەگرنەوە.

لە بواری هونەرەوە، فۆتۆگرافی پرسیاری ئەوەی هەڵبژارد کە هونەر چییە و چۆن بەرهەم دێت. ئایا فۆتۆگرافی دامەزراندنە یان دۆزینەوە؟ ئایا هونەرمەند دروستکەرە یان تۆمارکەر؟ ئەم پرسیارانە بوونە ناوەندی گفتوگۆی فەلسەفیانەی سەدەی بیستەم. هەروەها کاریگەری لەسەر فەلسەفەی سیاسی هەبووە. تواناى نیشاندانی نایەکسانی کۆمەڵایەتی، جەنگ و ئازار مامەڵە لەگەڵ فۆتۆگرافی کردووە بە ئامرازێکی بەهێزی ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی.

لە کۆتاییدا، فۆتۆگرافی وای لێکردووە کە فەیلەسوفان بیر لە پەیوەندی نێوان بینین و زانین، دەرەوە و ناوەوە، ڕاستی و ڕوانگە بکەنەوە. ئەمە بووەتە هۆکاری پەرەسەندنی تیۆرە نوێیەکانی بینایی و میدیا لە فەلسەفەی سەردەمدا.



## " کاریگەری هزری بڵاوکردنەوەی وێنە کەسییەکان لە پلاتفۆڕمەکاندا "



**خەندە وێردە**

**فۆتۆگرافەر**

**لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، وێنە بەهۆی بڵاوکردنەوەی لە پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ هەموو کەسێک بە ئاسانی بەردەست دەبێت.**

**ئەم هەنگاوە بۆ زۆر کەس ئامانجێکی تایبەتی هەیە، وەک پەخشکردنی کلتوور، پێشاندانی ژیان، یان بەدەستهێنانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی.**

**بەڵام لەگەڵ سوودەکانی کاریگەریی نەرێنیشی هەیە.**

**کاریگەرییە ئەرێنییەکان:**

**1. پەیوەندیکردن: وێنە بە شێوەیەکی خێرا پەیوەندی نێوان خەڵک زیاد دەکات و دەبێتە هۆی نزیکی کۆمەڵایەتی.**

**2. پەخشکردنی زانیاری و دەربڕینی هەست: وێنە توانایەکی زۆر بەرچاوی هەیە بۆ گواستنەوەی هەست و پەیام، بەهۆی ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تێگەیشتن دروست دەکات.**

**3. ڕوونکردنەوەی کلتوور و ناساندنی ژیان: هاوڵاتییان و وڵاتان دەتوانن بەهۆی وێنە کلتوور و ژیاننامەی خۆیان بڵاوبکەنەوە و پەیوەندییەکانیان لە جیهاندا فراوانتر بکەن.**

**کاریگەرییە نەرێنییەکان:**

**1. مەترسی تایبەتمەندی: بڵاوکردنەوەی وێنە دەتوانێت زانیاری تایبەتی کەسی بڵاوبکاتەوە و ببێتە هۆی نائارامی و ترس .**

**2. کێشەی هەڵسەنگاندن: وێنە زۆرجار بۆ هەڵسەنگاندنی خەڵک بەکاردەهێنرێت، و ئەمە دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی فشاری کۆمەڵایەتی و بێدەنگکردنی هەستە کەسێتییەکان.**


**3. دوورکەوتنەوە لە ڕاستی ژیان: زۆرینەی کات لەلایەن بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنها ئەو وێنانە بڵاودەکرێنەوە کە جوان و باشن ئەمەش دەتوانێت هەستێکی درۆینەی ژیان دروست بکات و ڕاستی ژیانکردن ون بکات. چونکە بێگومان هەموومان دەزانین ژیان تەنها بریتی نییە لە (خۆشی) بەڵکو پڕە لە بەرز و نزمی و نارەحەتی و هەندێک جاریش دڵتەنگی .**


**4. بەکارهێنانی نادروست: وێنە دەتوانێت بۆ ئامانجێکی نادروست بەکاربهێنرێت، وەک تێکدانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی زانیاریی درۆ لەسەر کەسی بە ئامانج گیراو، یان نیشاندانی کلتوورێکی ناڕاست.**

**کۆتایی:-**

**بڵاوکردنەوەی وێنە لە پلاتفۆرمەکاندا، فراوانبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان نیشان دەدات، بەڵام دەبێت بە وریایی بەکاربهێنرێت. هاوپەیوەندی لە نێوان سوود و زیاندا هەروەها پەیوەندی بە شێوەی بەکارهێنانی ئامرازەکان هەیە.**

**لەوانەیە ئەگەر بە بەرپرسیاری و هەستیارانە بەکاربهێنرێت، بڵاوکردنەوەی وێنە بروانامەیەکی پەیوەندیکردن و پەخشکردنی کلتوور بێت، بەڵام ئەگەر بێ هۆشیاری بێت، دەتوانێت مەترسی و کێشەیەکی گەورە دروست بکات.**





**“ هەبوونی ئازادیی ویست لەلایەن قوتابیی زانکۆ لە نێوان هەڵبژاردن و خوێندنی بەشی دڵخوازی ”.**

**چالاکوان:**

**محمد جلال کریم خان**

**بوونی ئازادیی ویست وەک چەمکێکی فەلسەفی قوڵ و پڕ لە کێشمەکێشمی ئاڵۆز، خاڵێکی جەوهەری زۆر باشە پێی بگەین بەو بیرکردنەوەی یاخود ئەو ئاڕاستەیەی لە نێوان قوتابییان ڕێچکە ئەگرێ. ئازادیی ویست چیە؟ ئەو بیرە فەلسەفیەیە کە پێمان دەڵێت تا چ ڕادەیەک ئێمە ئازادین لە هەڵبژاردن یان کردنی هەر کارێک یان هەر جوڵەیەک یان هەر هەستێک. لە نێوان دوو لایەنی سەرەکیدایە یاخود دوو ئاڕاستەی دژ بەیەکن کە ئەمانەن:**

- **هەبوونی ئازادی ویست(Libertarianism)**

**پێمان دەڵێ ئێمە ئازادین لە هەڵبژاردنی شتێک، یاخود مرۆڤ دەتوانێت بڕیاری ڕاستەقینە بدات.**

- **نەبوونی ئازادی ویست(Determinism)**

**پێمان دەڵێ ئێمە ئازاد نین لە هەڵبژاردن، مرۆڤ ناتوانێت بڕیار بدات هەموو شتێک لەلایەن سروشتەوە ڕێکخراوە، یان سروشت هەموو یاسایەکی دارشتوە.**

**لەم ڕوانگەیەوە سەیری هەنگاوەکانی قوتابی دەکەین لە هەبوونی ئامانجێکی کە قۆناغێکی گرنگە لە ژیانی خوێندەواریدا، ئەویش هەڵبژاردنی بەشێکە بۆ خوێندن.**

**ئایا قوتابی ئازادە لە هەڵبژاردنی بەشێک بە خواستی خۆی یاخود سروشتی ژیان ئەم یاسایەی بۆ داناوە کە دەبێ ئەم بەشە بخوێنێ. بێگومان قۆناغەکانی ژیانی تاک یەک ئاست و یەک شێوە نین بۆیە هەر**

یەکێکمان بە جۆرێک لە کۆمەڵێک ئەزموونی جیاوازەوە تێ ئەپەڕین و کۆمەڵێک ڕێچکەی جیاوازمان تاقیکردۆتەوە، کە هەر یەکێکیان بە پێی قەبارەی خۆی کاریگەری دروست کردوە، ئەمەش تاک دەخاتە دۆخێکی دیاریکراو بە ئاڕاستەیەکی پەیوەست بەو ئەزموونەی کردوویەتی. هەر یەکێکمان لە کات و ساتی خۆیدا و لە بوارێکی جیاوازدا ڕۆڵمان هەیە و بونیادی شتێک لە ئەستۆمان دایە، جا بە هەر شێوەیەک بێت شوێن دەستمان دەخاتە سەری، هۆکارە گشتییەکان و تایبەتییەکان لە ئان و ساتی خوێندن ئاڕاستەی قوتابی دەخەنە بەردەم کۆمەڵێک پرس و دوودڵی گرنگ. جا پەیوەست بە چەمکی ئازادیی ویست لە چوارچێوەی خوێندندا، ئەم بیرە فەلسەفیە پێمان دەڵێ قوتابی تا چ ڕادەیەک ئازادە لە هەڵبژاردنی بەشی دڵخوازی خۆی و ناچاری خوێندن تەنانەت ئەگەر بە ویستی خۆشی بێت، لە نێوان بەڵێ و نەخێری ئەم ویستە داین کە پێمان دەڵێ ویستی قوتابی دوو جەمسەرییەکی تەواو ئاڵۆزی هەیە.

ئایا قوتابی ئازادە لە خوێندن بە ویستی خۆی؟، تەنانەت ئەگەر ئەو نمرەیەشی هەبوو تەنانەت ئەگەر ئەو بەشەی بە دڵی خۆی ئەیویست و تێیدا خوێندی، پرسیارەکە ئەوەیە بڕیاردانەکە بەبێ هیچ سەپاندنێکی ناوەکی و دەرەکی بووە؟ یاخود ئازادانە هەڵبژاردنێکی سەربەخۆ و بێ بەرژەوەندی و دوور لە کاریگەریی دەرەکی بووە. پاڵنەرە دەرەکیەکان و بارودۆخی ئابووری و شێوازی ژیان وا دەکات جۆرێک لە بیرکردنەوە لای قوتابی دروست بێت کە دەبێ ئەو بەشە هەڵبژێرێت کە دەیەوێت و گرنگە بۆی، ئینجا لێرەدا بیرۆکەی یەکەم پێی وایە ئێمە ئازادین لە بڕیاردان لەم کاتە قوتابی دەیتوانی بە ئاڕاستەیەکی تری خوێندن بڕوات یاخود هەر واز لە خوێندن بێنێت، ئەمە بەهۆی ئەو جۆرە ژیانەی کە مرۆڤ ئازادانە بڕیاردەدات و ڕێگایەکی تایبەت بەخۆیەتی و کەس تێیدا هاوبەش نیە و ناتوانن لەجیاتی بڕیار بدەن.



بەڵام بیرۆکەی دووەم کە پێی وایە سروشت بڕیارەکانمان دەستنیشان دەکات و تەنانەت ئەو ئاڕاستەیەشی دەیگرینە بەر هەر بەهۆی پاڵنەرە ناوەکیەکان و فشارەکانی دەوروبەر و بارودۆخە گشتییەکانە کە بەسەر قوتابی سەپێنراوە، تەنانەت ئازادی لە ویستنی کارێکدا نیە، چونکە مرۆڤ گرێدراوی خواست و ویستەکانی خۆیەتی.

ئەمەش بەپێی بیرۆکەی دووەم ئازادی نیە و تەنها پابەند بوونە، ئەگەر ئازادی ویست بوونی هەبێت یاخود ڕاستەقینە بێت، دەبێت بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بەهێز بکەین، وە هەروەها قوتابی زانیاری زۆر کۆبکاتەوە لەسەر بڕیاردان جگە لەوەی دەبێ خودناسی بەهێزتر بێت لای تاک. ئەم پرسیارە ئەوە دەخاتە ڕوو کە مرۆڤ لە نێوان ویست (کردنی شتێک) و دڵخوازی (حەز بە شتێک) دا چۆن بڕیار دەدات، و ئایا ئەم بڕیارانە ڕاستەقینەیین ئازادن یان نا.



ڕۆژنامەنڤێسێن گۆڤارا ڕۆژا مە؛ شیان د ماویەکێ کورت ژ تەمەنێ خوە، ببنە ڕۆناهیەك دناڤ تاڕیاتییێدا~. ئەگەر ئەم ئێکەم گۆڤار نەبن یێن کو مە هونەرێ فۆتۆگرافەری و دەروونێ ئیناتی هەرێما کوردستانێ، ئەم ئێکەمن مە دەستپێکری.
خالا مە ژ هەمی گروپ و بزاڤێن دن یێن جڤاکی و کومەڵایەتی جۆدا دکت، ئەوە کو دناڤ مەدا گەنجێن هەمی باژێڕ و شاروچکێن کوردستانێ دگەلمەدا بەژدار ژ هەر دوو چینان و زێدەبارى ئێکودوو پەژراندنێ.

تانها زێدەتری هزارەهان گەنجان بەژداری ل چالاکیێن گۆڤارا ڕۆژا مە کرینە ونهاژی ژبۆ پێشخستنا بزاڤا مە یا مۆدەرنیزمی و جیهانگیری بەردەوام هزر و بیرێن تازەتر سازددن ژبۆ ئایندێ نەتەوا کورد.

*ئەندازیار: ئالان دوسکی
ئەندامێ دەستا ڕاوێژێ گۆڤارا ڕۆژا مە
2.9.2025



## داستان و ئەفسانەیێن کوردی


پارێزەر:
دلین دۆسکی




داستانان ب شێوازی دەنگدان، نڤیسین یان ستران هەمی پێکڤە پەیوەندیدارن.

گەلێ کورد خەزینەیەکا فۆلکلۆرییا مەزن هەیە. کو یەك ژ وان تشتێن گرنگ، جهێ جوگرافیێ کوردستانێ بوویە:

چیا و ڕووبار و چاڤوونێن ئاڤێ و زەویێن کەسك و باخچە و هەواێن خۆش. ئەڤ جهێ جیاواز ل شارستانیا ناڤەندی، یارمەتیدا کو گەلێ کورد فۆلکلۆرێ خوە بپارێزیت.



• گورکی دگو: فۆلکلۆر مەوادێن خامن، سەرچاوەیەکە ژبۆی شاعیر و نووسەر و زانایان. ئەگەر مێژوو باش بهێتە تێگەهاندن، نها و داهاتوویا مە دێ خۆشتر و بەرزتربت.



• مینوورسکی دەگو: گوتن و ستران و داستان گوتن نەبتەنێ نەریتەك بوو بۆ کوردان، بەلکی ژناڤ دەشت و چیایێن کوردستانێ گەشەکرینە.

• باسیلی نیکتین دەگو: چاندا کوردی ل دەستپێکا خۆە فۆلکلۆرە. ئەڤ فۆلکلۆرە بتەنێ لسەر جهی و بەرماڤەیان مایە!، بەلکو ژبەر هەستێ پڕێ ژیان و تازەبوونێ هەردەم گەشەکرییە و زۆرجارانژی فۆلکلۆرێ گەلێن دی فۆلکلۆرێ کوردی لسەر کاریگەر بووییە.

**ل سەدەیا یەکەم و دووەمێ جەنگا جیهانی، زۆر ڕۆژهەلاتناس و توێژەران، کوردستان سەردان کرن و فۆلکلۆرێ کوردی نڤێساندن و کرن دیرۆك.**

هەلبەت وەکو دیار فۆلکلۆر نە بتەنێ ئەوە کو دبیردانکا مەدا شاهی و دیلان و جل و بەرگ بهێنە سەر هزرامە، بەلکی فۆلکلۆرێ کوردی دڤێت وەکو پەند و ڕێبازەك بهێتە دیتن داکو مللەتێ مە بزانت کینە و دێ بن کی. هەر دیسا دڤێت ئەڤ فۆلکلۆرێ مە ڕێ کەڤنار و دەولەمەند ببتە سەرچاوەك بۆ پەروەردە و هۆشمەندییا مە داکو زێدەتر تاك و هەڤوەلاتیێ مە بەرزەنەبت و نەبتە چاڤلێکرێ نەریت و تیتالێت گەلێن دەوروبەر لژێرناڤێ مۆدرەنیزمێ و چەمکێن نەدیارێن بیانی.



پشتی ڤێ دنیایێ چ هەیە؟

وەگێڕ و فۆتۆگرافەر:

دلدار نزار

## هزرا مە مرۆڤان لسەر گەردوونی چیە؟

د هەمی دەم و جڤاکان دا، مرۆڤان تەماشەی ئەسمانێ شەڤێ و ستێران کریە و پرسیار کریە؛ ل پشتی ڤێ دنیایێ چ هەیە؟ ئەم ژ کیرێ هاتینە؟ و بۆچی گەردوون هوسا بێ دوماهیک و تژی سەرسوڕمانە؟

د دەمێن کەڤن دا، مرۆڤان ستێر و ئەسمان وەکو سەرچاوەیەک بۆ دروستکرنا چیرۆک و چیڤانۆکان بکارئینانە. فەلسەفە و زانست لدیڤ پەیوەندی و ڕێکخستنا گەردوونی گەڕیاینە، و ئەڤرۆ، زانایێن ئەسترۆنۆمیێ ل گەردوونێ کەڤن، گالاکسیان و ماددێ تاری ڤەکۆلینان دکەن دا ژ هەبوونا ب ڕامان بگەهن.

بەلێ گەردوون نە بتنێ بیاڤەکێ زانستی یە، بەلکی هەستەکێ سەرسوڕمانێ و پەیوەندییەکا تایبەت یا مرۆڤی تێدا هەیە. گەردوون ب نهێنیێن خو نیشا مە ددەت کو ئەم چەند بچیکین، لێ د هەمان دەم دا، ئەم چاوا ب مەزناتییا هەمی تشتی ڤە گرێداینە. لەشێ مە هەمییان د ناڤ ستێران دا هاتیە دروستکرن، یان ب زمانەکێ دیتر "ئەم ژ ستێران هاتینە."

کەواتە، هزرا مە مرۆڤان لسەر گەردوونی چیە؟ پەیوەندییا مە پێڤە یا تژیە ژ حەژێکرن، سەرسوڕمان، بێ دوماهیبوون، و هەروەسا ڕامانێ ب ڕێکا؛ زانستی، هونەری، ئایینی، یان خەیالی، ئەم هەردەم دخوازین جهێ خو د ناڤ ڤێ مەزناتیێ دا ببینین. گەردوون نە بتنێ یێ دویر و بلندە، بەلکو هەردەم ب شێوازێ مە گازیا مە دکەت.

**ئەڤ هەست و هەولا فێربوون و تێگەهشتنێ، تایبەتمەندییەکا مرۆڤایەتیێ بخویە.**





شێوەکار:
سافیا یەشار

تابلۆیا بێدەنگ

ناڤێ تابلۆیا بێدەنگ کو چەندین شکل ڕەنگێن جیواز هەنە، ئەف تابلویە هونەرەکێ نی'یە کو چەندین ڕەنگ و شکلێن جیاواز تێدانە. پێکهاتا سەرەکییا ڤێ تابلوێ وەکی چیرۆکەکا بێدەنگە کو بەحسێ ژیانا مروڤی دکەت ل ناڤەڕاستێ چەندین کەسایەتیێن جێواز هەنە کو هەمی ئێک دەمدا دژین وهەست دکەن.

دەمێ ڕەنگ چیرۆکا ژیانێ ڤەدگێریت هونەرەکە کو هەر چاڤەک ب شێوەکێ جیا واز دبینیت. و چاڤ کو دئاخڤن ل ناڤەڕاستا ڤێ تابلویا سەر سامکەردا، دەگمەن چاڤێن وان هەمی ڕەخان ڤە تەماشەدکەن. هەر چاڤەك چیرۆکەکێ د بێژیت، هەر ڕەنگەک هەستەکی دەردبڕیت، وهەر شکلەک بەشەک ژ کەسایەتییا مرۆڤیە. ئەڤ تابلۆیە؛

وەکی ئاوێنەکێ جادوویيە، هەر کەسەک تشتەکێ جێواز تێدا دبینیتەڤە. چەوانییا ڕەنگ و شکلێن ئەڤێ هونەری چەوا دروست کریە؟، ڕەنگێن گەرم، پرتەقالیی ئاگری وەکی ڕۆژێ ل دەمێ ئاڤابوون، سورێ لەماعدای وەکی خوێنی ژیانێ، زەرێ گەش وەکی خوشحالییا سپێدەهیان، ڕەنگێن سار و شینێ تاڕی وەکی دەریایا بێ دوماهیک. مۆرێ ئاسایی وەکی خەونا شەڤا. کەسکێ ڤەبۆیی وەکی ئومێدا بهارێ و شکلێن سەیر.

و هەروەسانژی هونەرمەند ڕوویێ مرۆڤی وەک "پازڵ"ەکی شکاندی نیشان ددەت. هەر پارچەیەک ل جهەکی جیاوازە، بەلی دەمێ دکەل ئێک کوم دبنەڤە، تابلۆیەکا تەمام و جوان دروست دکەن. ئەف تابلۆیە چ دبێژی تەمە؟

1.هەر کەسەک چەندین کەسە: ل سپێدەهیان تا شەڤێ گوهڕین ب سەرمەدا دهێن، هندەک جارا دلخوشین، هندەک جارا خەمگینین، جارناژی ئارامین. ئەڤ تابلۆیە هەمی ئەو جێوازی یە نیشان ددەت.



2. دیتن ل چاڤێ یێکڤە: هەر چاڤەک تێدا ڕەنگەکی جیاوازە، و ئەڤە ڕامانا هندێ یە کو هەر کەسەک ل جیهانێ ب شێوازەکێ تایبەت دبینت.

3.جوانی ل جیاوازیێدا: ئەگەر چ هەمی شکل جیاوازن، بەلێ دەمی پێکڤە کوم دبن، تشتەکێ زۆر جوان دروست دکەن. بوچی ئەڤ تابلۆیە هندە سەرنجڕاکێشە؟ دەستپێکێ دەمێ ئێکەم جار تەماشە دکەی، چاڤێن وان سەرەنجێ ڕادکێشن، وەکی هندێ هەمی دگەل ئێک دئاخڤن.

دیڤدا، دەست پێدکەت ب دیتنا شکلێن جێواز، هەر جارەکا تەماشا دکەی تشتەکێ نوی دبینی.

**پرسیار بو تە؛ دەمێ تەماشەیی ئەڤێ تابلویی دکەیی، ئەرێ تو چ دبینی؟**

## فریدریک نیتشە:

فەیلەسوفەکێ ئەڵمانی بوو، ژیانا نیتشەی وەکی ڕوبارەکێ بەردەوام ل چیایەکێ ب ئێش بوو، هەر پێلەك ژ سەر ئێشەکێ و ئازارەکێ وانەک بوو ژبۆ بەردەوامیێ، هەر گاڤەکا بتنێ بوونێ دەلیڤە بوو ژبۆ بهیڤیبوونێ دکیراتیا هەبوونێ دا، ئەوی لسەر هێزێ و ئازادیێ دنڤیسی، بەلێ پا ئەو دژیا دناڤبەرا لاوازی و ئێشانا لەشی و زەحمەتیا ژیانێ، داکو مە فێربکەت فەلسەفە نە بتنێ هزرن، بەلکی گەشتەکە ب هوکارێ ئازاران بەرەڤ تێگەهشتنا ڕاستی ژ ژیانێ.

**چالاکڤان: ئیمان بامەڕنی**



# Roj A ME

MAGAZIN NO.12 _ 2025.2026

